# ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا
## (توێژینەوەیەك لەباری دیمۆگرافی و ئاوەدانی)

**پ.ی.د.کامران محمد حاجی**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**– سەرچاوە بیانییەکان، بەتایبەت تۆماری یاداشت و نووسینی بیانییەکان، وەکو کەسایەتییە سیاسی و دیپلۆماتکارەکان، ئەفسەرە سەربازییەکان، پیاوانی ئایینی و مزگێنیدەرەکان، ئافرەت و پیاوە سەرکەش و جەربەزەکان، هێشتاکە وەکو کەرەستەیەکی بنەڕەتی لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد گرنگی خۆیان هەیە. لەم ڕووەوە پێمان باش بوو (ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەك لەباری دیمۆگرافی و ئاوەدانی) وەکو ناونیشانی بابەتی توێژینەوە هەڵبژێرین و کاری لەسەر بکەین .

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لەلایەن بیانییەکانەوە تۆمارکراون،بەشێك لەو مێژووە شاراوەی ڕەواندز، کە سەرچاوە عوسمانییەکان پەیان پێنەبردووە، لە بارەی هەردوو لایەنی دیمۆگرافی و ئاوەدانی شارۆچکەکە، خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؛ هەرچەندە بەشێکی زانیارییەکان بەتایبەت لە رووی ژمارەکانەوە، بەشێوەی خەمڵاندن بووە. سروشتی توێژینەوەکە وایکردووە، بەشێوەیەکی گشتی، پشت بە میتۆدی پێکهاتەیی لە خستنەڕوی زانیارییەکان ببەسترێت، لەکاتی پێویستیشدا میتۆدی بەراوردکاری بۆ روونکردنەوەی هەندێ لایەنی بابەتەکە، پشتی پێبەستراوە.

**کلیلە ووشەکان:** رەواندز، گەڕیدە، کلیمان، قەڵا، کاروانسەرا.

## پێشەکی:

ڕەواندز وەکو مەڵبەندی میرنشینی سۆران و دواتریش وەکو ناوەندی قەزایەك و سەرەڕێگایەکی بازرگانی سەرنجی ژمارەیەك لە بیانییەکانی ڕاکێشاوە. ژمارەیەك لەو گەڕیدانەی بە ئامانجی جیاواز و مەبەستی دیاریکراوەوە هاتبوونە کوردستان و ناوچەکە، سەردانی ڕەواندزیان کروە و چەند رۆژێکیش تیایدا ماونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان بە شارۆچکەکەدا تێپەڕیون، ئەوانە بە پێی ئامانج و مەبەستی گەشتەکانیان سەرنج و تێبینی خۆیان تۆمارکردووە و دواتر بڵاوکراونەتەوە. تەنانەت بەشێکی ئەو یاداشتانە بوونەتە کەرەستەی خاوی نووسینی کتێب و بیبلۆگرافیا و ئینسکلۆپیدیاکان. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ناونیشانی(ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەك لەباری دیمۆگرافی و ئاوەدانی) وەکو بابەتی توێژینەوە هەڵبژارد.

### گرنگیی بابەتەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

گرنگیی بابەتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەشێکی شاراوەی مێژووی شارۆچکەی ڕەواندز، لەو ماوە دیاریکراوە پیشان دەدات، لە ژێر ڕۆشنایی یاداشت و نووسینی بیانییەکان(گەڕیدە، دیپلۆماتکار، پیاوانی سەرکەش و هی دیکە) ئامادەکراوە، ئەوانەی بەشێکیان راستەوخۆ سەردانی شارۆچکەکەیان کردووە و زانیارییان لەبارەوە تۆمارکردووە.

### میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی پێکهاتەیی(التركيبي) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و خستنەڕوویان بەستراوە، هاوکات هەوڵدراوە بە پێی پێویست سوود لە میتۆدی بەراوردکاری بۆ زانیارییەکان ببینرێت .

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکە کار لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کراوە:

1. کێن ئەوانەی سەردانی شارۆچکەی رەواندزیانکردووە و سەرنجەکانیان لەبارەوە یاداشت کردووە؟
2. ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە و ماڵەکانی رەواندز لەماوەی دیاریکراودا چەند بووە؟
3. گرنگرین رووڵەتەکانی ئاوەدانی شارۆچکەکە کامانە بوون؟

### پێکهاتەی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکهاتووە. لە دەروازەدا بەناونیشانی(رەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز و شوێنی جوگرافی) کورتە باسێکمان لەبارەی رەگ وریشەی ناوی رەواندز و ئەو را و بۆچوونانە نووسیوە کە لەبارەیەوە هەن، هەروەها تیشکمان خستووەتە سەر شوێنی جوگرافی شارۆچکەکە و دید و سەرنجی ژمارەیەك نووسەر و گەڕیدەمان لەم بارەوە خستووەتە روو. لە تەوەری یەکەمدا بەناونیشانی(باری دیمۆگرافی ڕەواندز)، تیشکمان خستووەتە سەر ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز و ئەو پێکهاتانەی لە شارۆچکەکەدا هەبوون، ئەمەشیان زیاتر لەژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەن کە گەڕیدەکان و هەندێك لە سەرچاوە بیانییەکانی دیکە بە دەستەوە دراون. لە تەوەری دووەمیشدا بەناونیشانی(باری ئاوەدانی ڕەواندز)، لەم تەوەرە تیشك خراوەتە سەر

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp49-56

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 أيار 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 13 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : kamaran.haji@su.edu.krd

حقوق الطبع والنشر ©2026 كامران محمد حاجي. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دیارترین ئەو رووکارانەی ئاوەدانی شاری ڕەواندز کە لەلایەن گەڕیدە و نووسەرە بیانییەکانەوە ئاماژەیان پێدراوە، لەم رووە و شێوازی هەڵکەوتنی شارەکە لەسەر زمانەیەك لە بەرزایی، ئەو پردە سەرەکییەی کە تاکە ڕێگایەکی هاتن و دەرچوون لە شارۆچکەکە بووە، لەگەڵ قەڵا و قولەکان، ڕێگاوبان و شەقامەکان و بینایەی خان(کاروانسەرا) و ...هتد، باسیان لێوە کراوە. لە کۆتاییشدا چەند خاڵێکمان وەکو ئەنجامی نوسینەوەی توێژینەوەکە خسووەتە روو.

## گرفتەکانی توێژینەوەکە :

یەکێك لە گرفتەکان بریتی بوو لەجیاوازی دید و ئامانجی سەردانیکردنی گەڕیدەکان بۆ شارۆچکەی ڕەواندز، کە هەندێکجار بووەتە هۆی ئەوەی زانیاری جیاواز لە یەکتری بە دەستەوە بدەن، یان هەر یەکێکیان بە پێی کاریگەری هۆکاری هاتنەکەی زانیاریان لەبارەی لایەنێکی ژیانی شارۆچکەکە تۆمارکردووە و لایەنەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە. گرفتێکی دیکەی بەردەم توێژینەوەکە بریتی بوو لە جۆراوجۆری ئەو زمانانەی کە کە سەرچاوەکانی پێنووسراوە و وەرگێڕانی هەندێکیان بەتایبەت ئەو لاپەڕانەی وشە یان پیتەکانیان بە تەڵخی نووسرابوون، یان بزر بیون، ئاسان نەبێت .

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

لەتوێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی رەسەن بەستراوە، گرنگترینیان تۆماری یاداشتی گەڕیدەکانن، نموونەی گەشتنامەکانی: (کلیمان)ی فەرەنسی، جەستن پێرکێنز، تیلمان، ئایدا فێیفەر و ویلیام ئاینسۆرس...هی دیکە. بایەخی ئەم گەشتانامانە لەوەدان کە خاوەنەکانیان راستەوخۆ سەردانی شارۆچکەی رەواندزیان کردووە و هەیانە چەند رۆژێك لەوێ ماوەتەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا سوود لەچەند سەرچاوەیەکی هاریکاریش بینراوە، لەکاتی پێویستدا بەکارهاتوون.

## دەروازە: ڕەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز و شوێنی جوگرافی:

لەبارەی رەگ و ریشەی ناوی رەواندز، کە ئێستا ناوەندی قەزایەکە بە هەمان ناو، را و بۆچوونی جیاواز هەیە، دەگوترێ ناوی رەواندز لە دوو برگە پێکهاتووە، (رەوان) کە ناوی هۆزێکی کوردییە، (دز)یش لە زمانی کۆنی کوردیدا بە مانای (قەڵا) هاتووە، یاخود بەهۆی ئەوەی عەشیرەتە کۆچەرەکان کە (رەوەن)یشیان پێ دەگوترێ لەکاتی خۆیدا بە ڕێگای ئەم قەڵایەدا رۆیشتبوون، بە تایبەتی رەوەندەکانی رەواندز و شەقڵاوە (بابان، 1989، ص131). شایانی باسە کاتێك ژەنەراڵی سەربازیی و گەڕیدەی بەریتانی هێنری راولینسن[i] Henry C. Rawlinson، لە ساڵی(1838)دا گەشتێکی بە کوردستان و ناوچەکەدا ئەنجام دا، ئەویش هەمدیسان ناوی بە (قەڵای رەوان) یا خود رەواندز بردووە، پێشی وایە ناوەکەی لە سەردەمێکی زوو لە دەوروبەری(1207ز) بەم شێوەیە لە تۆمارە مێژووییەکانی سریاندا هاتووە (Rawlinson, 1838, p.25). بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە ناوەکەی لە دوو برگەی(رەوان یان رەهوان) بەمانای سووکیی یان خێرایی و (دز-دژ) بەمانای قەڵا پێکهاتووە، کە مەبەست لێی سوارەی پۆستەیە، ئەوەی لە رەواندزدا دەوەستا، بەهۆی ئەوەی ئەم شارۆچکەیە دەکەوتە ناوەڕاستی ڕێگای گشتی بۆ مەبەستی پشودان یان گەیاندنی پۆستە بۆ شوێنەکانی دیکە (بابان، 1989، ص131).

لە گەشتنامەکەی (ئەسفەهانی[ii]) دا وەرگێڕە ئەڵمانییەکە ئاماژەی بە ناوی ڕەواندز کردووە و پێی وایە کە بەمانای(قەڵای دێرین)دێت، نووسیویەتی:

" ئەو روێندز(Rujindiz) ە کە بە واتای (قەڵای دێرین) دێت، لە دەقەکانی ئێمەدا لەگەڵ ئەو قەڵایەدا یەکدەگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵاتی فارسە و لە سەر رێی شنۆیە بەرەو موسڵ و لە باکوری رۆژهەڵاتی ئەربیل هەڵکەوتووە و لای ئێمە بە ناویRewandiz,Rowanduz, Rawandiz, Rawanduz, Rewendiz هاتووە"(ئەسفەهانی، 2009، ل37).

لە دووتوێی گەشتنامەکەی (کلۆدیۆس جیمس ریچ)ی دیپلۆماتکاری بەریتانیدا، ناوی ڕەواندز بە هەر دوو شێوازی ڕێواندز و ڕێوان-دز (Rewandiz , Rewan-diz) تۆمارکراوە(Rich, 1836, p.299-300). لە گەشتنامەکەی (تیلمان)ی دیپلۆماتکاری ئەڵمانیدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ناوی ڕەواندز لەسەر نەخشەکاندا بە شێوەی رۆواندز (Rowandiz)دەنووسرێت، کەچی لە شوێنەکە خۆی(رەواندز) بە شێوەیەکی روون بە شێوازی ڕەواندوز (Rewanduz)دەری دەبڕن (Thielmann, 1875,p.101)پێم وایە ئەو سەرنجەی(تیلمان)ی گەڕیدە لەبارەی شێوازی دەربڕینی ناوی ڕەواندز تۆماری کردووە، لەجێی خۆیەتی، چونکە ئەمەیان هەر ئەو شێوازەی دەربڕینەیە کە خەڵکی ناوچەکە خۆی رۆژانە بەکاری دەهێنن.

شایانی باسە مێژوونووسی کورد حوسێن حوزنی موکریانی پێیوایە ناوی ڕەواندز لە(روین دژ)ەوە هاتووە، کە مانای (قەڵای پۆڵاین) دەگەیەنێت( المکریانی، د.ت، ل27-28)، یاخود لە بنەڕەتدا ناوەکە(گردڕەوەند) بووە، چونکە خێڵە کۆچەرییەکان لە هاویناندا بۆ خۆیان و مەڕوماڵاتەکانیان روویان تێکردووە، دوای ئەوەی لەلایەن دز و جەردەکانەوە هێرشیان کراوەتە سەر، بۆیە ناوەکەی لە(گردڕەوەند)ەوە بووەتە (ڕەوەنددز) و دواتریش(ڕەواندز)(وەرگیراوە لە:هۆمەر، 2006، ل11-12). لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێین هەروەکو جەمال بابان نووسیویە: خەڵکی بە چەند شێوەیەك ناوی رەواندز دەهێنن، وەکو: رەواندز، رواندوز، راوندوز، رواندوز. هەر وەکو گوتراوە کە ئاشوورییەکان بە رەواندزیان گوتووە(مەساصیر)(بابان، 1989، ص132) .

سەبارەت بە شوێن یاخود هەڵکەوتەی جوگرافی شارۆچکەی رەواندز، هێنری راولینسۆن لە تۆماری یادداشتەکانی خۆیدا بەم شێوەیە ئاماژەی بە هەڵکەوتەی جوگرافی رەواندز کردووە:

"شارەکە کەوتووەتە لای کەناری باشووری زێی گەورە، کە لێرە بە روباری رەواندز ناودەبرێت...رەواندز کەوتووەتە سەر نیوەی ڕێگایەکی شاخاوی، لەنێوان دەشتەکانی ئاشوور و میدیا، بە دووری 15 بۆ 16 کاتژمێر لە هەر یەکێکیان... ,Rawlinson" (1838, p.25. وا پێدەچێت لێرەدا راولینسۆن کەوتبێتە هەڵەوە، چونکە ئەوەی بە (ڕوباری ڕەواندز) ناودەبرێت، خودی زێی گەورە نییە، بەڵکو روبارێکە پێش ئەوەی بگاتە رەواندز لە چەند لقێك پێکهاتووە و لە هەر شوێنێکیشدا ناوی تایبەت بە شوێنەکە هەڵدەگرن(غەفور، 2012، ل87-88)، دواجار لە نێوان چیاکانی (شێروانە) و (زێبار)دا دەڕژێتە زێی گەورەوە(الخصباك، 1973، ص100). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا سەبارەت بە شارۆچکەی ڕەواندز، بەم شێوەیە ناسێندراوە:

"شارۆچکەی ڕەواندز بە دووری چەند میلێك لە رۆژئاوای لوتکەی ڕەواندز هەڵکەوتووە، لەسەر زمانەیەکی زەوی کە لە یەکگرتنی دوو زێ دروست بووە" (Cyprus and Asiatic Turkey..., 1878, p.152).

لە کتێبی (سیاحەتنامەی حدوود)یشدا واهاتووە کە سەنجەقی ڕەواندز و هەرێر لەلایەکەوە هاوسنووری سەنجەقی کۆیسنجەق و لە لایەکی دیکەیەوە موسڵ، لە لایەکی دیکەیەوە ئاکرێ و ئامێدی، لەلای چوارەمیشەوە بەشێك لە لاجان و بەشێك لە شنۆی ژێر دەسەڵاتی ئێران، زنجیرە چیای کێلەشین ناوچەکانی شنۆ لە ڕەواندز و هەرێر جیادەکاتەوە(خورشید پاشا، 2019، ل295). ئەمانە و لە فەرهەنگێکی جوگرافیدا و لە باسی رەواندزدا هاتووە کە شارۆچکەیەکی قایمە لە کوردستانی تورکیا، بە دووری(75)میل لە باکووری رۆژهەڵاتی موسڵ و لە سەر کەناری زێی گەورەیە

(Johnston, 1852, p.1111).

سەرچاوەیەکی دیکە بەم شێوەیە باسی ڕەواندزی کردووە:

" شارە بەناوبانگەکە-پایتەختی مەجازی(افتراضي) کوردستان-لەگەڵ ئەوەی کە پایتەختی کارگێڕیشە، دەکەوێتە دۆڵێکی پێچاوپێچەوە، لەسەر شاخێك کە لە هەموو لایەکەوە بە تەواوی داخراوە..." (Mccoan, 1879, p.68).

ئەمانە و لە (قامووسئەعلام)ی شەمسەدین سامی، کە لەساڵی (1896)دا بەرگی پێنجەمی بڵاوکراوەتەوە، لە باسی شارۆچکەی ڕەواندزدا هاتووە کە شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لەسەر ئاوێکە دەڕژێتە ناو زێی گەورەوە، لە(135) کیلۆ مەتری باکووری خۆرهەڵاتی موسڵە، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵدا(تاقانە(وەرگێڕ)، 2010، ل209). دیارە مەبەست لەو ئاوەی کە دەڕژێتە زێی گەورە(ڕوباری ڕەواندز)ە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

## یەکەم
## باری دیمۆگرافی ڕەواندز

پرسی ژمارەی دانیشتوانی ڕەواندز، وەکو شارۆچکەیەك کە مەڵبەندی میرنشین و دوای ئەوەش وەکو ناوەندی قەزا وابوو، لەلایەن بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کەم تا زۆر ئاماژەی پێ کراوە، هەندێکجار تەنها ئاماژە بە هۆزەکانی ناوچەکە و ژمارەیان کراوە، ئەوانەی بە (هۆزی ڕەواندز) ناویان هاتووە. لەم رووەوە رۆبێرت کێر پۆرتەر[iii] R. K. Porterی گەڕیدەی بەریتانی لەساڵی(1818)دا، لەبارەیەوە نووسیویەتی:

..." گەلێکن تاکو ئێستاکە، بە ناویش بێت، ملکەچی عوسمانی یان فارسی نەبوون. ژمارەیان دەگاتە سەد هەزار خێزان..." (Porter, 1822, p.470).

فرایزەر[iv] ی گەڕیدەی بەریتانی بە پشتبەستن بە یاداشتەکانی دکتۆر(ڕۆس)ی پزیشکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، کە ئەوکاتە بۆ چارەسەرکردنی مستەفا بەگی باوکی میر محەمەدی میری سۆران هاتبووە رەواندز، ئاماژە بە هەبوونی(2) هەزار خانوو دەکات. ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە بەهۆی ئەو ئەرکە قورسانەی دەوڵەت لەسەر خەڵکەکەی داناوە، ناوچە کوردییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئاوەدانتر بوون(ئاشنا(وەرگێڕ)، 1998، ل22-25) .

گەڕیدەی بەریتانی هێنری راولینسۆن لە ساڵی(1838)دا ژمارەیماڵەکانی ڕەواندزی بە دەوروبەری (2) هەزار ماڵ خەملاندووە (Rawlinson, 1841, p.25). لە سەرچاوەیەکی دیکەی بیانیدا کە بە زمانی ئەڵمانی ئامادەکراوە، وا پێدەچێت بە پشت بەستن بە زانیاری تۆمارکراوی گەڕیدە یاخود یادداشتی دیپلۆماتکارانەوە باسی ڕەواندز بکات، بەپێی ئەو زانیاریانە بێت لە ساڵی(1838)دا ژمارەی ماڵەکانی شارۆچکەکە(2) هەزار ماڵ بووە، کەچی هیچ ئاماژەیەکی بە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نەکردووە (Spiegel, 1868, p.40).

هەروەها فەرهەنگێکی جوگرافیایی لە ساڵی(1852)دا ژمارەی ماڵەکانی رەواندزی بە (1000) بۆ (1300)ماڵ مەزەندە کردووە (Johnston, 1852, p.1111). مزگێنیدەری ئەمریکی دکتۆر گرانت[v] لە میانەی گەشتەکەیدا سەردانی ڕەواندزی کردووە و ژمارەی ماڵەکانی بە نزیکەی(1000)ماڵ مەزەندە کردوو، لەنێویشیاندا(50) جولەکە هەبوونە، ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە جولەکەکان بەزمانی نەستووری(زمانی ئارامی سریانی) قسەی لەگەڵ کردوون (Laurie , 1853, p.174). شایانی باسە پێشتر قەشە پێرکینزیش ئاماژەی بەوە کردبوو جولەکەکانی ڕەواندز بە زمانی سریانی قسەیان کردووە(Perkins, 1850. P.91). دوای چەند ساڵێك کلیمانی گەڕیدەی فەڕەنسی کە لەساڵی (1856)دا سەردانی رەواندزی کردبوو، ناوبراو ژمارەی دانیشتوانەکەی بە(4000)کەس و ژمارەی ماڵەکانیشی بە(500)ماڵ خەملاندبوو (Clément, 1866, p.245). بەپێی خەملاندنەکەی کلیمان بێت، بە نزیکەیی هەر ماڵێك لە رەواندز لە نزیکەی هەشت کەس پێکهاتووە، دووریش نییە بەشێك لە ماڵەکان لە خێزانێك زیاتر پێکهاتبن، ئەمەش وەکو وەکو یەکێك لەسیماکانی خێزانی کورد لەو سەردەمەدا.

پرسی ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتەکانی یەکێکن لەو بابەتانەی لە نووسینی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەمدا تیشکیانخراوەتە سەر. زۆرترین زانیارییەکانیش لەلایەن گەڕیدەکانەوە، ئەوانەی بە هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆر گەیشتبوونە ناوچەکە، تۆمار کراون، چونکە وەکو دەگوترێت: ئاراستەی تاکەکەسی و مەیلی کەسیی گەڕیدەکان هەرچییەک بێت، تا ڕادەیەکی زۆر هەندێ تایبەتمەندی شارستانیەتی ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاون نیشان دەدات، هەروەها باس لە زۆر توخمەکانی کولتووری ئەو وڵاتانە دەکات کە سەردانیان کردوون، بارودۆخی ئەو گەلانەشیان خستووەتە روو کە لەگەڵیاندا تێکەڵ بوون(حسين محمد فهيم، 1989، ص15).

هەندێك جار ئەو گەڕیدانەی سەردانی شارۆچکەی ڕەواندزیان کردووە و چەند ڕۆژێکیش تیایدا ماونەتەوە، بەڵام نەپرژاونەتە سەر ئەوەی هیچ زانیارییەك لەبارەی ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتەکانی شارۆچکەکە تۆمار بکەن. بۆ نموونە گەڕیدە و نووسەرێکی نەمساوی بەناوی ئایدا لۆرا فێیفەر[vi] Ida Lura Pfeiffer لە (ئابی 1846)دا لەمیانەی گەشتەکەیدا سەردانی ڕەواندزی کردبوو، بە شێوەی (Ravanduz)ناوەکەی تۆمارکردووە، نزیکەی چوار ڕۆژ لەشارەکە مابۆوە، چەند لاپەڕەیەکی لە یادداشتنامەکەی بۆ باسی هەندێ لایەنی جۆراوجۆری شارەکە تەرخان کردووە، تەنانەت لە هەندێکیان بە وردی سەرنجی خۆی تۆمارکردووە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ژیان و تایبەتمەندییەکانی ئافرەتەکانی رەواندزەوە هەیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نەکردووە(Pfeiffer, 1852, p.275-279). وا دیارە ئەم گەڕیدەیەی دوایی زیاتر سەرنجی لەسەر تۆمارکردنی زانیاری لەبارەی هەندێ لایەنی داب و نەریت و شێوازی گوزەرانی خەڵکەکە بووە، بۆیە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی زانیاری لەبارەی ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز تۆمار بکات .

قەشە ستێرنشوس Sternschuss مزگێنیدەرێکی بەریتانی بوو، لە چلەکانی سەدەی نۆزدە سەردانی ڕەواندز و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانی کردووە، جەخت لەسەر هەبوونی جوولەکە و خراپی دۆخی ژیانیان لە ڕەواندز دەکاتەوە، بەڵام هیچ زانیارییەك لەبارەی ژمارەیان چ وەکو تاك یان خێزان، بەدەستەوە نادات (The Jewish Herald...,1850, p.93). گەڕیدەی ئەمریکیی ئیسرائیل ژۆزێف بنیامین I. J. Benjaminکە لەنێوان ساڵانی(1846_1855) گەشتێکی دورودرێژی بە ئاسیا و ئەفریقادا ئەنجامدابوو، لە ساڵی(1848) سەردانی ڕەواندزی کردووە، ئەمیش لەبارەی خراپی دۆخی جوولەکەکان دواوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەیان لە شارۆچکەکە بکات (Benjamin,1859, p.91). وا دیارە ناوبراوان زیاتر چاویان لەسەر وێناکردنی دۆخی جوولەکەکان بووە، ئامانجیشیان بریتی بووە لەوەی بیانبەنە سەر ڕێبازی پرۆتستانتی، بۆیە نەپرژاونەتە سەر ئەوەی زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەواندز و ژمارەی دانیشتووانەکەی بەدەستەوە بدەن .

قەشەی ئەمریکی جەستن پێرکینز[vii] Justin Perkins، لە ساڵی(1849)دا لە میانەی گەشتێکیدا لە شاری (ورمێ)وە بۆ شاری (موسڵ)، سەردانی ناوچەی ڕەواندزی کردووە، لە(8ی ئایار)دا گەیشتبووە شارۆچکەکە و ژمارەی خێزانەکانی شارۆچکەکەی بە(500)خێزان داناوە، بە شێوەیەك تەنها(80)یان جوولەکە بوونە و ئەوانەی دیکە

سەرجەمیان کورد بوونە. سەبارەت بە مەسیحییەکانیش، هەروەك ئاماژەی بۆ کردووە، لە گوندێکی بچووك بە دووری نزیکەی (4)میل لە ڕەواندز دەژین. هەروەها ناوبراو جگە لەمە ئاماژەی بەوەش کردووە کە (400) سەربازی تورك لە شارۆچکەکەدا هەن(Perkins, 1850, p.91). وا پێدەچێت مەبەستی ناوبراو لەو سەربازانە، ئەوانە بێت کە لە دوای ڕووخانی میرنشینی سۆران، وەکو پارێزەر(حامیة)ی شارۆچکەکە لە پێناو پارێزگاری کردن لە ئاسایشی ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی خێڵە کوردییەکان، لەوێ جێگیر کرابن.

لە کتێبی( قوبرس و تورکیای ئاسیایی)دا وا هاتووە کە ژمارەی ماڵەکانی ڕەواندز (1000) ماڵە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە (10)هەزار کەس دەخەمڵێنێت Cyprus and Asiatic Turkey..., 1878, p.152) ). بەپێی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوەیە بێت، دەبێ هەر خێزانێك لە نزیکەی(10) کەس پێکهاتبێت؛ ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، بەتایبەت ئەگەر بزانین کە زۆر جار لەلایەن توێژەرانەوە، ئێوەندە ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێکی کورد بە نزیکەی(5)کەس مەزندە کراوە؛ ئەمە هەرچەندە ئەگەر هەردوو ڕەگەزی (کات) و (شوێن) لەبەرچاو بگیرێت، ئەم ژمارەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت .

لە کتێبی (پارێزگاری نوێیان: تورکیا لە ئاسیا/ جوگرافیاکەی، نەتەوەکانی، سەرچاوەکانی و حکومەتەکەی)[viii] ژمارەی خێزانەکانی ڕەواندز بە(1500) خێزان مەزندە کراوە، کە (80)یان خێزانی جولەکە بوونە، ئەوانی دیکە سەرجەمیان کورد بوون(Mccoan, 1879, p.69) ئەمە و لە (کانوونی دووەمی 1882)دا، گەڕیدەیەکی بەریتانی سەدانی ناوچەکەی کردووە، لەبارەی ڕەواندزەوە نووسیویەتی کە ژمارەی ماڵەکانی لە(800)ماڵ پێکهاتووە (Gerard, 1883, p.19). سەرچاوەیەکی فەڕەنسی بەناونیشانی(جوگرافیای جیهانی نوێ: خاك و خەڵك)[ix]، لە ساڵی(1884)دا ژمارەی ماڵەکانی ڕەواندز بە زیاتر لە(1000) ماڵ داناوە، بەجۆرێك هەر یەکێك لە خانووەکان دوو یان سێ خێزان، بگرە زیاتریشی تێدا نیشتەجێن (Reclus, 1884, p.430-431 .(ئەم زانیارییە لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا، وا پێدەچێ زانیارییەکانیان لە یەك سەرچاوەوە وەرگرتبێت، دووپاتکراوەتەوە(Reclits, 1885, p.225).بەپێی زانیارییەکانی ئەم سێ سەرچاوەی دوایی بێت، دەبێ لەماوەی تەنها ساڵێکدا نزیکەی دوو سەد ماڵ لە ڕەواندز زیادی کردبێت، ئەمەش جێی تێڕامانە، چونکە لەو ماوەیەدا و لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ڕووداوێکی وا ناکەن کە کاریگەری هەبووبێت لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دامەزراوەیەکی بواری تەندروستی لە لەندەن نووسراوێکی ئاراستەی باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە ئەستانە کردووە، تیایدا ئاماژەی بە دۆخی تەندروستی و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لە ڕەواندز کردووە. لێرەدا ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز بە (4000)کەس هاتووە(Dickson, 1894, p.143). ئەمە لە کاتێکدا کتێبی(کتێبی دەستی بۆ گەشتیاران لە ئاسیای بچووک، ترانسکەفکاسیا، فارس)[x] کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم چاپکراوە ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکەی بە(6250) کەس داناوە و ئاماژەشی بە پێکهاتەی دانیشتووانی شارەکە کردووە، کە کورد و جولەکە و ژمارەیەکی کەمی (مەسیحی)یش لە شارۆچکەکەدا هەبوونە(Wilson, 1895, p.321).

هەر لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرباری ئەو جیاوازی و کەموکوڕیانەی لە بەدەستەوەدانی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕەواندز لەلایەن بیانییەکانەوە خراوەتە ڕوو، کەچی دەبینین ئەم پرسە تەنانەت لەنووسینەکانی کاربەدەستانی فەرمی عوسمانیشەوە، زانیاری ئەوتۆی لەبارەوە تۆمار نەکراوە، ئەوتا لە کتێبی(سیاحەتنامەی حدوود)دا، کە خاوەنەکەی نزیکەی چوار ساڵ لە کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاریدا کاری کردووە؛ ناوبراو تەنها پرژاوەتە سەر ئەوەی هەندێ زانیاری لەبارەی ناوچەکانی سەر بە سەنجەقی ڕەواندز بەگشتی بخاتە ڕوو، کە (22) ناوچە و (325) گوند بوونە، ژمارەی نێرینەکانیانی بە (40) هەزار کەس مەزندە کردووە(خورشید پاشا، 2019، ل292-293). لە ڕاستیدا هەژمارکردنی نێرینەکان بە تەنها لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، هۆکاری خۆی هەبووە، دیارترینیان پرسی وەرگرتنی زانیاری بووە لەبارەی ئەوانەی پیاون و دەتوانن لە کاتی پێویستدا سەربازی بکەن. شایانی باسە، لەساڵی(1896)دا، لە باسی شارۆچکەی ڕەواندز کە ئەو کاتە ناوەندی قەزایەك بووە بە هەمان ناو، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە(10)هەزار کەس تۆمارکراوە(تاقانە(وەرگێر)، 2010، 209). ئەم زانیارییەی لەم سەرچاوەی دواییدا هاتووە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەوا هێشتا شارۆچکەی ڕەواندز لەو شارۆچکانە بووە کە تا ڕادەیەکی باش ئاوەدان بووە؛ ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ئاماژەی هەمان سەرچاوە، شارێکی وەکو هەولێر، ئەویشیان لەو کاتەدا ناوەندی قەزا بووە، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە (6)هەزار کەس مەزندەکراوە(تاقانە(وەرگێر)، 2010، ل100).

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، بەپێی ئەوەی لە یاداشت و نووسینی بیانییەکاندا هاتووە، سەرنج و دەرخستەی جیاواز لەبارەی دانیشتووانی ڕەواندز خراوەتە ڕوو. هۆکاری ئەمەش نەبوونی ئامارێکی دروست بووە تاکو بیانییەکان پشتیان پێببەستن و لە بەرهەمەکانیاندا تۆماری بکەن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوەش جیاوازی هۆکاری سەردانیکردن یان جیوازی ئامانجی گەڕیدە بیانییەکان بۆ ناوچەکە، بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت ژمارەیەکی دروست و ڕاێکەر بەدەستەوە بدرێت، بەتایبەت کە ئەوان تەنها خەمڵاندنیان کردووە.

## دووەم
## باری ئاوەدانی(بیناسازی) ڕەواندز

باری ئاوەدانی شارەکان بە هەموو ڕووەکانییەوە، بیناسازی خانوو، کۆشك و تەلار، مزگەوت، کڵێسا و دێر و کەنیشتەکان، تا دەگاتە قاوەخانە(چایخانە)، پرد و قەڵا و قوڵەکان...هتد، شوێنێکی بەرچاوی لەنێو تۆماری گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییەکان گرتووەتەوە، چونکە ئەدەبی گەشتکردن یان گەڕان، وەکو دەگوترێ بریتییە لە ئەدەبێکی کۆکەرەوە لەنێوان زانست و ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان، هەروەها داب و نەریت، مێژوو و جوگرافیا، کە مێژوونووس بۆ ڕێکخستنی هەندێ زانیاری مێژوویی، یان جوگرافیی و ...هتد دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری(لعریبی و طویطو، 2020، ص9) .

شارۆچکەی ڕەواندز سەرەتا وەکو مەڵبەندی میرنشین، دواتریش وەکو مەڵبەندی موتەسەڕیفێتی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە بەڕێوەدەبرا، بووەتە جێگای سەرنجی هەندێ لە گەڕیدە و دیپلۆماتکاری بیانی، ئەوانەی بە ئامانجی جیا جیا بە ناوچەکەدا گەڕاون و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەیەوە تۆمار کردووە .

سەبارەت بە باری ئاوەدانی ڕەواندز، یەکێك لەو لایەنانەی سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە، شێوازی دروستکردنی خانووەکانە، لە نێو ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستمان کەوتوون، لەوانەیە ئەو زانیاریانەی (ئەسفەهانی) لە بارەی شارۆچکەی ڕەواندزەوە تۆماری کردوون، بەرایی ئەو زانیاریانە بێت کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەبارەی شێوازی بنیاتنانی خانووەکانیان تۆمارکرابێت. ناوبراو لەدەوروبەری ساڵانی(1813-1814)، واتا لە سەرەتاکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد(1813-1836) سەردانی ڕەواندزی کردووە، لەم بارەوە گوتوویە:

"...لە لووتکەی کێوەکەدا[میر محەمەد]چەندین بینای دروست کردووە کە هەر یەکە و لەسەرووی ئەوی دیکەیانەوە دروستکراوە، بەشێوەیەك کە کەس ناوێرێ لە ترسی خانووەکەی سەرەوە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوەی لای خوارەوە لە ترسی بەرد، جا چ جای لە ترسی تڤەنگ"(ئەسفەهانی، 2009، ل39).

ئایدا لۆرا فێیفەر ساڵی(1846) سەردانی ڕەواندزی کردووە، باسی ئەوەی بۆ کردووین شوێن و دیمەنی شارۆچکەکە زۆر دڵڕفێنە؛ نەک لەبەر جوانییەکەی، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە لە شارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی ناوازەتر نییە، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکەیەوە، کە دەکەوێتە سەر گۆچکەیەکی بەرز و بە شاخێک دەورە دراوە. خانووەکان وەك سەکۆ یەك لەسەر یەکتر دروستکراون و بنمیچەکانیان بەو شێوەیە بە خۆڵ داپۆشراون، کە هێندە بە توندی پەستراونەتەوە، لە شەقامە تەسکەکان دەچن، خانووەکانی سەرووی سوودی لێ دەبینن، شەقام و بنمیچەکانیش زۆرجار جیاکردنەوەیان ئەستەمە. لەسەر زۆرێک لە سەکۆیەکان دیواری لە لق و پۆپی درەختەکان دروستکراون، کە لە پشتیانەوە خەڵک دەخەوتن(Pfeiffer,1852, p.275). ئەم شێوازەی بنیاتنانی خانووەکان، بە شێوەی یەك لەسەر یەکتری، کە پەیوەندی بە شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەکەوە هەیە لە لاپاڵی بەرزاییەکەدا، سەرنجی هەریەك لە قەشەی ئەمریکی(جەستن پێرکینز)و مزگێنیدەری بریتانی دکتۆر(گرانت)یشی ڕاکێشاوە و قسەیان لەبارەوە کردووە .(Perkins, 1850, p.91; Laurie , 1853, p.174) ئەمە هەرچەندە پێرکینز، بە دوو دڵییەوە ناوی ناوە"شار"، لەم ڕووەوە لە بەشێکی تۆمارەکانی لەبارەی ڕەواندز دەڵێت:

"... سەردانی شارەکەمان کرد، کە بەو ناوە ناونراوە، هەرچەندە بەزەحمەت شایەنی ئەوەیە بەو ناوە شکۆمەندی لەسەر بێت" (Perkins, 1850, p93)

ئەمە و ناوبراو پرژاوەتە سەر ئەوەی باسی ئەو کەرەستانەشمان بۆ بکات کە خانووەکانیان پێ دروستکراوە، لەم بارەوە گوتوویەتی: بەشێك لە خانووەکان لە بەرد دروستکراون، بەشێکی دیکەشیان لە خشتی وشکراوەی بەر خۆر، تێکەڵ لەگەڵ بڕێکی زۆر لە (کا)ی کوتراو، هاوشێوەی ئەوانەی میسری کۆن، دروستکراون؛ چونکە، هەروەکو ئەوەشی روونکردۆتەوە، جۆری گڵ و خاکی ناوچەکە ئەوەندە پتەو نییە تاکو بەبێ تێکەڵکردنی (کا) لەگەڵیدا بۆ بیناسازی دەست بدات. هەندێك لە خانووەکان نهۆمی خوارەوەیان لە بەرد دروستکراوە، هی سەرەوەشیان لەو جۆرە خشتانە دروستکراون(Perkins, 1850, p.93).

شایانی باسە (کلیمان)ی گەڕیدەی فەڕەنسی کە لەساڵی(1856)دا سەردانی ڕەواندزی کردووە، جیاواز لەمانەی پێشوو، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی، گوتوویەتی کە خانووەکانی رەواندز هەموویان لە قوڕ دروستکراون، پێکهاتوون لە نهۆمێکی زەمینی(خوارەوە)، لەگەڵ نهۆمێکی سەرەوە کە خەڵکی لە هاویناندا لەسەری دەخەون (Clément, 1866, p.245). سەرچاوەیەکی دیکە ئەم شێوازەی بنیاتنانی خانووەکانی، بۆ بچووکی رووبەری شارۆچکەکە و ئەو ناوچەیە دەگەڕێنێتەوە کە شارۆچکەکەی لەسەر بنیاتنراوە، لەم بارەوە نووسیویەتی: خانووەکان بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرەی هەڕەمەکی یەک لەسەر یەک کەڵەکە بوون، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ دابەزین، مرۆڤ بە شەقامە تەسک و پلیکانە هاوشێوەکاندا، دەبێت بەسەر بنمیچی تەختی بینایەکی دیکەدا تێپەڕێت، لێرەشدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت کە ڕەنگە لە جیاتی دەرگا بە کولانەیەك، یان لە ڕێگەی تونێلێکی تاریکی ژێرزەمینەکەدا تێپەڕێت (Maunsell, vol:xii, no:5, 1896, p.236). ڕەنگە هەر ئەم ئاستەنگانەش بێت، دوا جار ئایدا فێیفەری گەیاندبێتە ئەوەی لەبارەی ڕەواندزەوە بڵێ:

"ڕاڤاندوز[بەشێوەی Ravanduz ناوەکەی تۆمار کردووە]یەکێک بوو لە شارۆچکە هەرە بەدبەختەکان هەرگیز نەمبینیوە".(Pfeiffer, 1852, P275)

هەر لەم بارەوە لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە شارۆچکەکە کەوتووەتە سەر شوێنی یەکتربڕینی دوو گەروو(مضیق) کە زێیەکانی ڕەواندز و نالکیڤان(خەلیفان)یان پێدا تێپەڕ دەبێت، خانووەکانی شارۆچکەی ڕەواندز لەسەر قەدپاڵێکی زۆر لێژ بنیاتنراون و کۆڵانەکانیش تەسکن (Wilson, 1895, p.321).

پرسی قایمی شارۆچکەی ڕەواندز و ئەو قەڵا و قوللانەی لە شارۆچکەکە و دەوروبەریدا هەبوونە، یان پاشماوەیان ماوەتەوە، لە تۆماری بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا شوێنی خۆی کردۆتەوە، لەم ڕووەوە دەکرێ ئاماژە بە هەندێك لەو زانیارییانە بدەین کە تۆمارکراون. ئەسفەهانی لە تۆماری یادداشتنامەکەیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو کاتەی سەردانی ڕەواندزی کردووە، گەورەی رەواندز خەریکی دروستکردنی تۆپ و قەڵای پتەو بووە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە بۆ ئەوەی کەسانێك بێنە ناو شارۆچکەکە پێویستە بەسەر ئەو پردەدا بپەڕنەوە کە لە نێوان دوو شاخی لە بەرامبەر یەکتر هەڵکەوتوون، هەڵبەستراوە(ئەسفەهانی، 2009، ل37). لە گەشتنامەکەی (ریچ)یشدا هاتووە کە ڕەواندز قەڵایەکە سەر بە هۆزێکی سەربەخۆی کوردە، کەوتووەتە سەر شاخێکی زۆر بەرزی سەر بە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، زێیەك لایەکیانی کەل کردووە، لایەکەی تریشی لە هەندێ گەلیی زیاتر، ڕێگایەکی وا نزیکی تێدا نییە، بۆ بەرگری کردنیش زۆر چاك قایمکراوە(ریچ، 1992، ل305) .

هێنری ڕاولینسۆنی گەڕیدەی بەریتانی، لە باسی قایمیی شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەی ڕەواندز، باسی ئەوەی کردووە لەلای باکوورییەوە پردێکی لە دار دروستکراو بە پتەوی لەسەر زێیەکە هەیە، کاتێك لادەبرێت، شارۆچکەکە لە دژی هەر هێرشێکی لەلای باکوورەوە بێت، پارێزراو دەبێت (Rawlinson, 1841, p.25). ئایدا فێیفەر لەم ڕووەوە باسی ئەوەی کردووە شارۆچکەی رەواندز لەلای باشوورییەوە بە دیوارێکی قایم دەورە دراوە .(Pfeiffer, 1852, P.275) دکتۆر گرانت، وەکو پێشتر ناومان هێنا، سەردانی شارۆچکەی ڕەواندزی کردووە و لەم بارەوە نووسیویەتی:

" بە دابەزینێکی وردە وردە گەیشتمە شارۆچکەکە، لە شوێنێکی قایمدا هەڵکەوتووە، لەگەڵ ڕووبارەکە کە بە دەوری باکوور و ڕۆژئاوادا دەڕژێت، لە نێوان کەنارە بەرز و بەردینەکەدا. دۆڵێك و پردێك لاکانی ماوەتەوە دەپارێزن، هەردووکیشیان بە دیوار و تاوەرێکی ئەوەندە بەهێز بەرگری لێدەکرێت کە بەرەنگاری هەر هێرشێکی کوردەکانی دراوسێ ببنەوە" (Laurie, 1853, p.174).

هەر لە فەرهەنگە جوگرافییەکەدا باسی قایمی ڕەواندز کراوە، بەوەی کە لە هەموو لاکانیدا، جگە لە لای زێیەکە، بە شورای دەورەدراو بە قولە(بورج)ی بازنەیی کە لە تەنیشتیدا قەڵایەکیش هەیە، دەورە دراوە (Johnston, 1852, p.1111) وا پێدەچێت ئەو شورایەی کە ئەمانەی دوایی باسیان لێوە کردووە، دوای چەند ساڵێك وەکو خۆی نەمابێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە تۆماری یەکێك لە گەڕیدەکان، دوای سەردانەکەی گرانت بۆ رەواندز، ئاماژە بەوە دەکات کە شوراکە لە بارێکی خراپدایە (Thielman, 1875, p.102).

شایانی باسە کاتێك لە ساڵی(1856)دا کلیمانی گەڕیدەی فەڕەنسی سەردانی ڕەواندزی کردووە، لەبارەی شوێنەواری پردە جولاوە کۆنەکە قسەی کردووە، ئەوەی پێشتر ڕاولینسۆن ئاماژەی پێ کردبوو. کلیمان باسی پردێکی دیکەمان بۆ دەکات، کە شارەکە بە بەرزاییەکانی لای باشووری شارۆچکەکە دەبەستێتەوە، پێدەچێ لە مێژ نەبووبێ دروستکرابێت، هەڵگرتنی ئەمەشیان لەکاتی هێرش بۆ سەر شارۆچکەکە ئاسان بووە؛ بەڵام هەمان ئەم شوێنە، بەلای کلیمانەوە، لاوازترینی ئەو لایانەی شارۆچکەکە بووە

که له بەرامبەر تۆپی ئامادەکراو له بەرزاییەکانی بەرامبەریدا، ناتوانرێت بەرگری لێ بکرێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کاتی خۆی تورکەکان لەم لایەوە دەستیان بەسەر شارۆچکەکەدا گرتووە، شوێنەواری لێدانی گولە تۆپەکانیشیان بەرووی دیوارەکانەوە ماپۆوە (Clément, 1866, p.245).

سەرچاوەیەکی دیکە لەبارەی رەواندز نووسیویەتی: به شێوەیەکی سروشتی زۆر بەهێزە له شوێنی خۆیەوە، شوێنەکە زیاتر به قەڵایەک یان قایمکارییەک له دیوەکەی تری رووبارەکە بەرگری لێدەکرێت، هەروەها له ڕێگەی چەندین تاوەری بچووکتر لەسەر بەرزاییەکانی لاکانی دیکەی تەنیشتی- بێگومان هەموویان بێ بەهان له بەرامبەر تۆپدا، بەڵام لەلایەن هیچ هێزێکی یاخیبووی شاخەوانەوە ناتوانرێت بەسەریدا زاڵبیت (Mccoan, 1879, p.68). ئەمانەی رابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەوا رەواندز شارۆچکەیەکی تا رادەیەك قایم بووە، شوورا و قەڵا و تاوەرەکانی، لەپاڵ سروشتی هەڵکەوتنی لەسەر بەرزاییەك و دۆڵەکانی تەنیشتیدا(خەرەند)، رۆژانێك رۆڵیان لەپارێزگاریکردن له شارۆچکەکە هەبووە، بەتایبەت لەسەردەمی دەسەلاتی میرنشینی سۆراندا.

ڕێگاوبان و شەقامەکانی شارۆچکەی ڕەواندز، لەلایەن بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی ئەو گەڕیدانەی سەردانیان کردووە، ئاوڕی لێ دراوەتەوە. لەم بارەوە جەستن پێرکینز ئاماژەی بەوە کردووە که کاتێك ویستوویانە بچنە بارەگای فەرمانڕەوای ڕەواندز، به ڕێگایەکدا رۆیشتوون که له قالدرمەی بەردین پێکهاتبوو، هەروەها نووسیویەتی: "...شەقامەکانی تەسك، پێچاوپێچ و بێ ئەندازە پۆخڵن" (Perkins, 1850, p.93)، تێلمانی گەڕیدەی ئەڵمانی و سەرچاوەیەکی دیکەی سەدەی نۆزدە، هەردووکیان ئاماژەیان به لێژی و تەسکی شەقامەکانی شارۆچکەی ڕەواندز کردووە (Thielman, 1875, p.101; Wilson, 1895, p.321).

کلێمانی گەڕیدەی فرەنسی ئەویش سەرنجی خۆی لەبارەی شەقامەکانی ڕەواندز تۆمارکردووە، لەم بارەوە نووسیویەتی: "شەقامەکان زۆر خلیسکێنن و بێ ئەندازە خواروخێچ و پۆخڵن" (Clément, 1866, p.245). هەروەها ماونسڵی گەڕیدەی بەریتانی له نەوتەکانی سەدەی نۆزدە به کوردستان و ناوچەکەدا گەڕاوە و سەردانی ڕەواندزی کردووە، باسی ئەوەمان بۆ دەکات که شەقامەکان تەسکن و له شێوەی قالدرمەدان (Maunsell, 1896, p.21).

خان یان (کاروانسەرا)کان یەکێکی دیکەن لەو رووکارانەی ئاوەدانی، لەلایەن گەڕیدەکانەوە کەمێك زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە. شایانی باسیشە بەشێوەیەکی گشتی خانەکان دوو جۆربوون، جۆری یەکەمیان ئەوانە بوون له دەرەوەی شار و شارۆچکەکان بنیاتدەنران، جۆری دووەمیشیان له ناو شار و شارۆچکەکان بنیاتدەنران[xi]. گەڕیدەی بەریتانی ویلیام فرانسیس ئاینسۆرس William Francis Ainsworth[xii] لەساڵی(1842) سەردانی رەواندزی کردووە، له گەشتنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێك گەیشتووەتە ناو شارۆچکەکە لەپێناو پشوودان بۆ شەوەکەی لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی روویان له کاروانسەرای شارەکە کردووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە که خانەکە قەرەباڵغ و پۆخڵ بووە، بەڵام چالاکییەکی گەورەی بازرگانی لێ بووە(Ainsworth, 1842, p.320, 324). له ڕاستیدا شێوازی وەسفکردنی ئەو کاروانسەرایەی رەواندز به پیسی و پۆخڵی و هەبوونی تەپ و تۆز و مێش و مەگەز، لەلایەن مزگێنیدەرێکیشەوە، که لەساڵی(1850)سەردانی رەواندزی کردبوو، سێ شەو له سەر سەکۆکەی خانەکەدا خەوتبوو، باسی لێوە کراوە The Missionary Herald..., vol: xlvi,No.12, 1850, p.411) ). وا دیارە ئەم جۆرە سەرەنجەی هەریەك له ئاینزۆرس و مزگێنیدەرەکە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە که ئەوانە پێشتر سەردانی شارە گەورەکانیان کردووە و لەوێ خانی گەورە و باشتریان بینیوە، که لەگەڵ ئەوەی ڕەواندز بەراورد ناکرێن؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی خان له ڕەواندز مانای هەبوونی جۆرێك له جموجۆڵی بازرگانی و هاتن و چوونی گەشتیاران و بازرگانان له نێوان شارۆچکەکە و ناوچەکانی دیکە دەگەیەنێت.

کاتێك گەڕیدەیەکی ئەڵمانی له ساڵی(1872) سەردانی رەواندز دەکات، باسی ئەوەی بۆ کردووین که له ژوورێکی ئاسایی نهۆمی سەرەوەی کاروانسەراکەدا ماونەتەوە، دواتر بۆ ئەنجامدانی مامەڵە و ڕێوشوێنە کارگێڕییەکان چوونەتە لای قایمقام، پاش تەواوکردنی مامەڵەکان، گەڕاونەتەوە ناو کاروان سەراکە. تێلمان بەجۆرێك باسی کاروانسەراکەی کردووە که دیوارەکانی نایاب نەبوو (Thielman, 1875, p.104). وا پێدەچێت ئەم شێوازەی وەسفی تێلمان بۆ کاروانسەراکەی رەواندز، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت که پێشتر لەو شارە گەورانەی سەردانیانی کردووە، کاروانسەرای گەورە و باشی بینی بێت، بۆیە ناتوانرێت بەیەکتری بەراوردبکرێن.

له گەشتنامەی گەڕیدەیەکی بەریتانیدا، که له ساڵی(1878)دا بۆ کوردستان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدراوە، ئاماژەی بەوە کردووە پاش ئەوەی گەیشتووەتە شارۆچکەی ڕەواندز، رووی کردووەتە (خان)ێك، تاکو نامەیەك(بەبێ ئەوەی ناوەرۆکەکەی دیاربخات)، به گەورەی بازرگانانی ئەرمەن بدات که له خانەکەدا ئامادە بووە (Mccoan, 1879, p.68). ئەمەی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت که له شارۆچکەی رەواندز کاروانسەرا هەبووە، هەروەها بازرگانان و ڕێبوارانیش لەکاتی پێویستدا روویان تێکردووە و لەوێ حەواونەتەوە.

## ئەنجام

له کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا به چەند ئەنجامێك گەیشتین، لەوانە:

1. لەبارەی پرسی باری دیمۆگرافی رەواندز، بەهۆی جیاوازی ئامانجی گەڕیدەکان له سەردانیکردنی ڕەواندز، تێبینی هەبوونی جیاوازی دەکرێ له خستنەرووی ژمارەیەکی دروستی دانیشتووانی ڕەواندز و ماڵەکانی شارۆچکەکە. ئەو زانیارییانەی لەمبارەوە تۆمارکراون، ئەوەمان بۆ دەردەخات که تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزە، ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە له(10)هەزار تێپەڕی نەکردووە.
2. پێکهاتەی دانیشتووانی ڕەواندز کەمترین زانیاری لەبارەوە تۆمارکراوە، ئەمەش زیاتر ئەو گەڕیدانە پەیان پێبردووە که به مەبەستی کاری مزگێنیدەری سەردانی ڕەواندز و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیان کردووە، نموونەی قەشە ستێرنشوس و ژۆزێف بنیامین و جەستن پێرکینز.
3. شوێنی هەڵکەوتنی ڕەواندز و شێوازی بنیاتنانی خانووەکانی، وەکو دیارترین ڕوواڵەت له ڕوواڵەتەکانی ئاوەدانی شارۆچکەکە، سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە و سەرسامی خۆشیان لەبارەوە نیشانداوە .
4. پاشماوەی شورا و قەڵا و قولەکانی ڕەواندز، لایەنێکی دیکەی ئەو ڕوواڵەتانەیە که له یاداشتی گەڕیدەکاندا زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەن که پێشتر شارۆچکەکە، بەتایبەت لەو کاتەی مەڵبەندی میرنشین بووە، ئاوەدانی بەخۆوە بینیوە.
5. یەکێك لەو تایبەتمەندییە نەرێنیانەی کەوا گەڕیدەکان قسەیان لەبارەوە کردووە، بریتییە له تەسکی و خوار و خلیچی شەقامەکانی شارەکە. ئەمەش بەشێکی لەسۆنگەی شێوازی بنیاتنانی خانووەکان و شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەکەوە هاتووە، هەروەکو هەندێك له گەڕیدەکان ئاماژەیان پێداوە.

## ليستى سەرچاوەكان:


### بڵاوكراوەی فەرمی:

### بەزمانی ئینگلیزی:

Dikson E. D., (1894), The Outbreak of Cholera in Mesopotamia and Syria in 1889, 1890 and 1891, In: Transections of the Epidemiological Society of London, vol.xiii, , London.

### كتێب:

### به زمانی كوردی:

-ئومێد ئاشنا(وەرگێڕ) (1998)، گەشتەكەی فرەیزەر بۆ كوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی 1834، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشك.

-ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر(2006)، ڕەواندز/ لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی –سیاسی 1918-1939، چاپی یەكەم ، سلێمانی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی ی كوردستان.

-عەبدولرەزاق ئەسفەهانی(2009)، گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و ڕەواندز، وەرگێڕانی: زاهیر محەمەد ڕەشید، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

-عەبدوڵڵا غەفور(2012) جوگرافیای باشووری كوردستان، چاپی دوەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

-كلاودیوس جەیمس ریچ (2012)، گەشتنامەی ریچ بۆ كوردستان 1820 ، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، دهۆك، چاپخانەی خانی.

### به زمانی عەرەبی:

-حسين حزنى المكرياني(د.ت)، موجز تأريخ امراء سوران، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، بغداد، مطبعة سلمان.

-حسين محمد فهيم(1989)، ادب الرحلات، الكويت، سلسسلة كتب ثقافية( عالم المعرفة).

-جون. س. كيست(2005)، الحياة بين الكرد- تاريخ الايزيديين ، ترجمة: عماد جميل مزوري ، ط1 ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل ، مطبعة وزارة التربية.

-خورشيد باشا(2009)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران ، ترجمة: مصطفى زهران ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

-جمال بابان(1989)، اصول اسماء المدن العراقية ، الطبعة الثانية، بغداد، مطبعة الأجيال.

-جمال نەبەز(2003)، الامير الكردي مير محمد الرواندزي الملقب ب(میری كۆره)، الترجمة: فخري سلاحشور، اربيل، مطبعة وزارة التربية.

-خورشيد باشا(2009)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران ، ترجمة: مصطفى زهران ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

-سلمى لعريبي و خديجة طويطو(2020)، ادب الرحلة بين الفضاء الجغرافي و التأريخ و الثقافة/كتاب وصف افريقيا للحسن الوزان أنموذجا، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، قسم الادب العربي، الجزائر.

-شاكر خصباك(1973)، العراق الشمالي/دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، بغداد، مطبعة شفيق.

### بەزمانی ئینگلیزی:

-Alex Keith Johnston(1852), Dictionary of Geography, Descriptive, Physical, Statistical, and Historical, Forming a Complete General Gazetteer of the World, London, Murray and Gibb Printers.

-Baron Max Von Thielman(1875), Journey in the Caucasus, Persia, and Turkey in Asia, Vol:II, John Murray, London.

-Charles Wilson(Editor)(1895),Handbook for travellers in Asia Minor Transcaucasia, Persia, London, John Murray.

- Claudius James Rich(1836) Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, With Journal of a Voyage Down the Tigris to Bagdad and account of a visit to Shirauz and Persepolis, Vol: I, London, James Duncan, Paternoster Raw.

-Cyprus and Asiatic Turkey, 1878, London, Bradbury, Agnew Co. Printers. -Eltsee Reclits(1885), The Earth and its Inhabitants/ Asia, Vol: IV, New Yourk, D. Appliton Company.

-George Rawlinson(1898), A memoir of Major-General Sir Henry Creswicke Rawlinson, London, Longman Green and Co.

-M. G. Gerard,(1883) Notice of a Journey Through Kurdistan in the winter of 1881-82, Calcutta, The Superintendent of Government printing .

-Henry Martin Perkins(1887), Life of Rev. Justin Perkins, Chicago.

-IDA Pfeiffer(1852), A Woman's Journey Round the World, from Vienne to Brazil, Chili, Tahiti, China, Hindustan, Persia, And Asia Minor, Third Edition, London, Engram, Cooke, Co..

-J. Carlile Mccoan(1879), Our New Protectorate, Turkey in Asia, Its Geography, Races, Recourses, and Government, Vol: I, London, R. Cloy Sons and Hill .

-J. J. Benjamin, (1863), Eight Years in Asia And Africa from 1846-1855,Hanover,

-Robert ker Porter(1822) , Travels in Georgia , Persia, Armenia , Ancient Babylon , during the years 1817 , 1818 , 1819 , 1820 ,vol.II , Longman, Hurst press ,London.

-Thomas Lourie(1853), DR. Grant and the Mountain Nestorians, Edinburgh, Johnston and Hunter .

-William Francis Ainsworth,( 1842). Travels and Researches in Asia Minor Mesopotamia, Chaldea ,and Armenia, vol. II, Harrison and son com. Printers, London.

-W. H. Adam(1883), Davenport, Celebrated Women Travellers of the Nineteenth Century, London, W. Swan, Sonnecnsheins and Co..

### به زمانی فەرەنسی:

-Elisee Reclus(1884), Nouvelle Géographie Universelle La Terre et Les Hommes, IX(L'Asie Antérieure),Paris, Librairie Hachette

-Vital Guinet, Vital (1890), La Turquie D, Asie; Géographie Administrative Statistique Descriptive et Raisonnée de Chaque Province de L' Asie Mineure, Tome Deuxième Ernest Leroux, Paris.

### به زمانی ئەڵمانی:

-Friedrich Spiegel(1868), Eran Das Land Zwischen Dem Indus and Tigris, Beitrage Zur Kenntnissk Des Landes Und Seiner

Geschichte, Berlin, FERD . Dummler 's Verlagsbuchhandlung.

### ئینسکلۆپیدیا:

-ئەحمەد تاقانە(وەرگێڕ)(2010)، قامووسئەعلامی شەمسەدین سامی/ کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

### وتار و توێژینەوە:

### بە زمانی عەرەبی:

-أصداء عبدالحميد التحافي(2012)، الخصائص الشكلية لمخططات الخانات في العمارة الاسلامية/دراسة تحليلية، مجلة جامعة دمشق للعلوم الانسانية، 28(1)،دمشق.

### بەزمانی ئینگلیزی:

-F.R. Maunsell(1896), Eastern Turkey in Asia and Armenia, In: Scottish Geographical Magazine, Vol.XII, No:5,May 1896, Edinburgh, T. and A.Constable.

-H. C. Rawlinson (1841), Notes on a Journey from Tabriz, through Persian Kurdistan, to the Ruins of Takhti-Soleiman, and from thence by Zenjān and Tárom, to Gilān, in October and November, 1838; with a Memoir on the Site of the Atropatenian Ecbatana, London, John Murray.

-Justin Perkins(1851), Journal of a Tour from Oroomiah to Mosul , through the Kurdish Mountains , and a Visit to the Ruins of Nineveh, Journal of the American Oriental Society, Second Volume, New York, B. L. Hamlin.

-The Jewish Herald, And Record of Christian Effort for the Spiritual Good of God's Ancient People(1850),Vol: V, London, Aylott and Jones .

-The Missionary Herald, Containing the Proceedings of the American Board of Commissioners for Foreign Missions(1850), Vol: XLVI ,No.12, December 1850, Boston, Marvin Press .

### بە زمای فەرەنسی:

-A. Clément, (1866), ''Excursion dans le Kurdistan Ottoman méridional; de Kerkouk a' Rawanduz en 1856'', In: Mémoire de la Société de Géographie de Genève, Genève.

## پەراوێزەکان

[1] ناوی تەواوی هێنری کروسویك راولنسۆن(1810-1895)ھ، لە شارۆچکەی(چادلینگتن) لە(ئۆکسفۆرد) لەدایك بووە. دوای پێگەیشتنی، ماوەیەك وەکو ئەفسەر لە سوپای(بۆمبای) لە هیندستان کاری کردووە. دواتر وەکو کەسێکی پسپۆر لە بواری شوێنەوارناسی و گرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانە کۆنەکان بەدیار کەوتووە. گەشتێکی دوور و درێژی بە ناوچەکانی کوردستان و میزۆپۆتامیا ئەنجام دا. ماوەیەك وەکو بریکاری سیاسی لە نشینگەی بریتانیی لە بەغدا کاری کردووە. دواتریش لەنێوان سالانی (1851-1855)وەکو بریکاری سیاسی و کونسوڵی گشتی بریتانی لە شارەکە کاری کردووە. لەساڵی(1895) کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و کار و چالاکییەکانی ئەم کەسایەتییە، بڕوانە: (Rawlinson, 1898).

[1] ناوی عەبدولڕەززاقی ئەسفەهانییە، زانیاری لەبارەی مێژوو و زێدی لەدایکبوونی نییە. ئەوە زانراوە لە دەوروبەری سالانی(1813-1814ز)دا ویستوویەتی لە تەورێزەوە روو بکاتە ئەوروپا، سەردانی هەندێ ناوچەی رۆژهەلاتی کوردستانی کردووە و بە ناوچەی رەوانزدیشدا تێپەڕیوە، هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو ناوچانە و خەڵکەکەی تۆمار کردووە(ئەسفەهانی، 2009، 3-7).

[1] نیگارکێش و گەڕیدە بوو، لە(ئەیلولی 1818) لە بەغداوە بەڕێ دەکەوێ، لە میانەی گەشتێکیدا سەردانی چەند ناوچەیەکی وەکو: سلێمانی، کفری، داقوق، کەرکوك و بازیان و هی دیکەی کردووە. بڕوانە:(Porter, 1822, Vol: II, 427-470)).

[1] لە ساڵی(1783) لە شاری(ئەڤرنیس)لە سکۆتلاند لەدایك بووە. رۆژگارێکی زۆری لە تەمەنی خۆی بە گەشت و گەڕان بەسەر بردووە. یەکەم گەشتیشی بۆ هیندستان بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ لەندەن،جارێکی تر بەیاوەری دوو میری ئێرانیی کە دوورخرابوونەوە، خۆی گەیاندەبوو ئەستانە. لە ساڵی(1823) ژنی هێناوە. لە ساڵی(1834)دا لە ئەستانەوە بە کارێکی دیپلۆماسی دەوڵەتی بریتانیا دەستی بەگەشتێك کردووە بۆ تەورێز و دواتر بە چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا گەڕاوە و سەردانی شاری سلێمانیشی کردبوو لەو کاتەی کە سلێمان پاشا(1834-1834) میری میرنشینی بابان بوو. ناوبراو دواتر لە رێگای کفرییەوە دەچێتە بەغدا، دوای ماوەیەك بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. فرەیزەر لە ساڵی(1856)کۆچی دوایی کردووە( ئاشنا، 1998، ل3-7).

[1] ئەساهێل ویلیام گرانت A. W. Grant لە(17ی ئابی 1807) لە شارۆچکەی مارشاڵ لە ویلایەتی نیویۆرك لە دایکبووە. لە زانکۆی ئۆتیکا لە ویلایەتی ماساشۆسیتس پزیشکیی خوێندووە، دواتر وەکو مسۆنێرێك لەگەڵ کۆمەڵەی American Board of Commissioners for Foreign Mission)) بە مەبەستی کاری مسیۆنێری لەناو نەستوورییەکاندا، سەردانی کوردستانی کردووە. لە(24ی نیسانی 1844) لە موسڵ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Laurie, 1853, ,13-21, 305).

[1] ناوبراو لە(14ی تشرینی یەکەمی1897) لە ڤیەننا لەدایکبووە. لە میانەی دوو گەشتی ماوە درێژدا، یەکەمیان لە نێوان سالانی(1846-1848)، دووەمیشیان لە نێوان سالانی(1851-1855)، بە ناوچەیەکی زۆر لە هەر شەش کیشوەر(ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای باکوور، ئەمریکای باشوور و ئوستورالیا)دا گەڕاوە و لە میانەیاندا سەردانی کوردستانی کردووە و چەند رۆژێکیش لە رەواندز ماوەتەوە. سەرگوزەشتەی گەڕانەکانی لە چەند کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە. لە(27ی تشرینی یەکەمی 1858) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:
(Adam, 1883, 215-269).

[1] ناوبراو لە(5ی ئاداری 1805) لە خێزانێکی پەیڕەوکاری ئایینی مەسیحی لە دایکبووە. دوای ئەوەی لە ساڵی(1933) رازی دەبێت بە سەرپەرشتیکردنی نێردەیەکی مسیۆنێری بۆ ناو نەستوورییەکانی کوردستان، لە بەهاری(1944) دەستی بە گەشتەکەی کردووە و لە میانەیدا بە چەندین شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا گەڕاوە. لە(31ی کانوونی یەکەمی1869) کۆچی دوایی کردووە (Perkins, 1887, 9_13,76).

[1] ناونیشانە ئینگلیزییەکەی بریتییە لە :
Our New Protectorate: Turkey in Asia its Geography, Races, Resources, and Government.

[1] ناونیشانە فەڕەنسییەکەی بریتییە لە :
Nouvelle Géographie Universelle La Terre Etles Hommes.

[1] ناونیشانە ئینگلیزییەکەی بریتییە لە :
Handbook for travellers in Asia Minor Transcaucasia, Persia.

[1] لە(28ی ئاداری1787) لە نزیك(دیجۆن)ی سەر بە شاری(بوگەندی) لە فەڕەنسا لە دایك بووە. ماوەیەك دوای ئەوە بنەماڵەکەیان روو لە بریتانیا دەکەنەوە و لە(بریستۆڵ) نیشتەجێ دەبن. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە رێچ خولیای ئاشنابوون بە زمان و توێژینەوە لەبارەی زانستەکانی رۆژهەڵات دەبێ و لەم رووەوە بلیمەتیی لێ بەدی کراوە. لە ساڵی(1803) پەیوەندی بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی بریتانیی دەکات و دوای ساڵێك بەرەو هیندستان دەکەوێتە رێ. لە نێوان سالانی(1808-1821) وەکو بەڕێوەبەری نشینگەی بریتانی لە بەغدا کار دەکات. لەساڵی(1920) بە بیانووی پارێزگاری کردن لە تەندروستی خۆیی و حەسانەوە، روو لە ناوچەکانی کوردستان دەکات و ماوەیەکیش لە سلێمانی دەمێنێتەوە. ناوبراو لە(5ی تشرینی یەکەمی 1821) بەهۆی تووشبوونی بە پەتای(رشانەوە) کۆچی دوایی دەکات(رێچ ، 2012 ، ل25-31).

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ریشەی ناوی (خان) و (کاروانسەراکان)، جۆرەکانیان، شێوازی بنیاتنانیان و هۆکاری بنیاتنانیان بڕوانە: (التحافي، 2012، 209-215 ؛ العريبي و شكور، 2020، 56-58).

[1] پزیشك و هەردناسێکی بریتانیی بوو، سەرۆکایەتی ئەو نێردەیەی کرد کە بە نێردەی(دۆزینەوەی کوردستان) ناسراوە، لە ساڵی(1837)دا لە لایەن (کۆمەڵەی جوگرافیایی شاهانەی بریتانیی)یەوە راسپێردرا بوو بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی دۆزینەوەیی بە ناوچەکانی ئاسیای بچووك و کوردستاندا. ناوبراو شایەتحاڵی ئەو رووداوانەیە کە لە میانەی لەشکرکێشییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا هاتبوو(کیست، 2005 ، ص180-181).